# پێغەمبەر داود و مەسیح

زەبوورەکان ١ و ٢

لە چوار وانەی ڕابردووماندا سەرنجی چیرۆکی پێغەمبەر داودمان داوە. بینیمان چۆن داود شوان بوو، شمشاڵ لێدەر و گۆرانی ڕۆحی نووسەر و قوتابی ووشەی خودا، پاڵەوان لە جەنگ و پاشای ئیسرائیل، و پێغەمبەری خودا. لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان کە داود هەروەها گوناهبار بوو، کەوا شتێکی کرد کە زۆر خودای توڕە کرد. بەڵام هەروەها بینیمان چۆن خودا لە گوناهەکانی داود خۆش بوو، لەبەر ئەوەی داود بە ڕاستی و پڕ بە دڵ لە گوناهەکانی پەشیمان بووەوە و باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکەی کە دەهاتە جیهان و سزای گوناهەکانی خەڵکی هەموو جیهان دەکێشێ.

ئێستا پلانمان وایە بە وردی سەرنجی ئەو سیپارە قەشەنگە بدەین کە لەناوەندی نووسراوە پیرۆزەکاندا دۆزراوەتەوە. ناوی ئەم سیپارەیە دەزانی؟ بەڵێ، زەبوورەکانە. سیپارەی زەبوورەکان پێك هاتووە لە سەد و پەنجا بەش یاخود گۆرانی ڕۆحی. لە ماوەی سەدان ساڵدا، خودا چەن پێغەمبەرێکی بەکار هێنا بۆ نووسینی زەبوورەکان، لەوانە موسا و سلێمان و ئاساف و کوڕەکانی قورەح. بەڵام داود زۆرترین بەشی نووسیوە لە زەبوورەکان لە هەموو پێغەمبەران. ئێستا دەمانەوێ خۆمان نوقمی یەکەم دوو گۆرانی ڕۆحی بکەین لە زەبوورەکان.

یەکەم گۆرانی ڕۆحی ئەو دوو جۆر خەڵکەمان پیێ نیشان دەدات کە لە جیهانن: ئەوانەی لە ڕێگای ڕاستودرووستی دەڕۆن، و ئەوانەی لە ڕێگای ناڕاستودرووستی دەڕۆن. لە یەکەم زەبوورەکان نووسراوە: (زەبوورەکان ١) [١] خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی بەپێی ڕاوێژی بەدکاران ناڕوات و لە ڕێگای گوناهکاران ڕاناوەستێت و لە نیشتگەی گاڵتەجاڕان دانانیشێت. [٢] بەڵکو ئارەزووی ئەو لە فێرکردنی پەروەردگارە، شەو و ڕۆژ لە فێرکردنی ورد دەبێتەوە. [٣] وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت و لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات و گەڵاکانی هەرگیز وشک نەبن، لە هەر شتێک کە دەیکات سەرکەوتوو دەبێت. [٤] بێگومان بەدکاران وانین، بەڵکو وەک کایەن کە با پەرش وبڵاوی دەکاتەوە. [٥] بۆیە بەدکاران لە دادوەری ناوەستن، گوناهکارانیش لە کۆڕی ڕاستودروستان. [٦] چونکە پەروەردگار ڕێگای ڕاستودروستان چاودێری دەکات، بەڵام ڕێگای بەدکاران لەناودەچێت.

لێرەدا ڕێگای ئەو کەسانە دەبینین کە بەرەکەت کراون و ڕێگای ئەو کەسانەی کە لەناو دەچن. هەموو کەس دەیەوێ بەرەکەتدار بکرێت. کەس نایەوێت لەناو بچێ. خودا دەیەوێ هەموو کەس بەرکەتدار بکرێت. بەڵام دەبێت لەو ڕێگای بەرەکەت کردنە بێیت کە خودا دایناوە. ئەو ڕێگای بەرەکەت کردنە چییە؟ ئەو یەکەم گۆرانییەی زەبوورەکان بە دوو بیرۆکە کورتی دەکاتەوە. یەکەم: بە دوای ئەو کەسانە مەکەوە کە گاڵتە بە ووشەی خودا دەکەون. دووەم: بە ووردی سەرنجی ووشەی خودا بدە بە مەبەستی تێگەیشتن لێی و باوەڕ هێنان پێی و وەرگرتنی ڕێگای ڕزگار بوون کە خودا دایمەزراندووە.

ئەگەر باوەڕ بێنی و شوێنی ڕێگای ڕاستودرووستی خودا بکەوی، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ کە تو (وەک دارێک وایە کە لەدەم جۆگەی ئاو ڕوابێت) ژیانت لە خودی خودا دادەمەزرێ، و (لە وەرزی خۆیدا بەرهەم بدات) وەك خۆشەویستی و دڵ خۆشی و ئاشتی. بەڵام ئەگەر شوێنی ڕێگای ڕاستودرووستی خودا نەکەوی، ئەوا لەناو دەچی وەك (وەک کایەن کە با پەرش وبڵاوی دەکاتەوە.)

ئێستاش با بچینە گۆرانی ڕۆحی دووەم لە زەبوورەکان. لەم بەشەدا، خودا ئیلهامی دا بە داود کە دەربارەی ڕزگاری دەرەکە بنوسێ، ئەوەی دەهاتە جیهانەوە. با بە وردی بخوێنین لەو پەیامەی خودا فەرموویەتی لە ڕێگای داودی پێغەمبەرەیەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (زەبوورەکان ٢) [١] بۆچی نەتەوەکان وروژاون و گەلان پیلان دەگێڕن لە شتی پووچ؟ [٢] پاشایانی زەوی خۆیان ڕێکخستووە، سەرۆکەکانیان پێکەوە کۆبوونەوە دژی پەروەردگار و مەسیحەکەی و دەڵێن: [٣] (با کۆتەکانیان بشکێنین و زنجیرەکانیان لە

خۆمان فڕێ بدەین.) ٤ ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت، پەروەردگار گاڵتەیان پێدەکات. ٥ ئینجا بە تووڕەیی خۆی بۆیان قسە دەکات، بە قینی خۆی دەیانتۆقێنێت: ٦ (من پاشای خۆم لەسەر سییۆن داناوە، لەسەر کێوی پیرۆزی خۆم.) ٧ من فەرمانی پەروەردگارتان پێ ڕادەگەیێنم: پێی وتم: (تۆ کوڕی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت. ٨ داوام لێ بکە، نەتەوەکان دەکەم بە میراتت، ئەوپەڕی زەوی دەکەم بە موڵکی تۆ. ٩ بە گۆپاڵێکی ئاسنین دەیانشکێنیت و وەک گۆزەیەکی گڵین وردوخاشیان دەکەیت.) ١٠ بۆیە، ئەی پاشایان، ژیر بن، سەرۆکەکانی زەوی، ئاگاداربن. ١١ بە ترسەوە پەروەردگار بپەرستن، بە لەرزەوە دڵخۆشبن. ١٢ کوڕەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن، چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو.

تێدەگەی لەوەی پەروەردگار خودا ڕایگەیاند لە بەشی دووەمی زەبوورەکان؟ زۆر زۆر گرنگە ! لەم گۆرانی ڕۆحییە، خودا سێ ناوی سەرنج ڕاکێشی ڕزگاری دەرەکەی پێمان ناسان، ئەو ڕزگاری دەرەی دەهاتە جیهان بۆ ئەوەی نەوەی ئادەم ڕزگار بکات. گوێت لەو سێ ناوە بوو؟ ناوەکان ئەمانەن: مەسیح، پاشا، کوڕ. با تۆزێ بیر بکەینەوە لەم سێ ناوە کە خودا ئاماژەیان بۆ ڕزگای دەری جیهان پێ دەکات.

یەکەم، دەبینین کە خودا بەم ڕزگاری دەرە دەڵێت (مەسیح). مەسیح ووشەیەکی عیبریە بە مانای (ئەو کەسەی کە خودا هەڵبژارد) دێت. لەگەڵ ناوی مەسیح، خودا ئەوەی ڕادەگەیاند بۆ نەوەی ئادەم کە هەموو کەس دەبێت باوەڕی پێ بێنێت و ڕزگاری دەرەکە قەبوڵ بکەن ئەوەی کەوا دەهاتە جیهان، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان. بەڵام لە یەکەم سێ ئایەت ئەم گۆرانییە، خودا پێش بینی کرد کە زۆربەی نەوەکانی ئادەم مەسیح ڕەت دەکەنەوە کەوا خودا دەینارده جیهان. با دووبارە ئەو ئایەتانە بخوێنینەوە: ١ بۆچی نەتەوەکان وروژاون و گەلان پیلان دەگێڕێن لە شتی پووچ؟ ٢ پاشایانی زەوی خۆیان ڕێکخستووە، سەرۆکەکانیان پێکەوە کۆبوونەوە دژی پەروەردگار و مەسیحەکەی و دەڵێن: ٣ (با کۆتەکانیان بشکێنین و زنجیرەکانیان لە خۆمان فڕێ بدەین.) (زەبوورەکان ٢: ١–٣)

بۆچی خەڵکی جیهان مەسیح ڕەتی دەکەنەوە مەسیح قەبوڵ بکەن ئەوەی خودا ناردی؟ ئەوان مەسیح ڕەت دەکەنەوە لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی پیرۆز و لە کەی گوناهی پێوە نیە و نووسراوی پیرۆز پێمان دەڵێت کە (هەر کەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرا بێت.) (یۆحەنا ٣: ٢٠) بۆیە، خودا پێش بینی دەکرد لەم ئایەتانەدا کە جولەکەکان و نەتەوەکانی جیهان پێکەوە ئیش دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو پیاوە پیرۆزە لەناو بەرن کە خودا هەڵیبژارد وەك ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان. بەڵام خودا هەموو شتێك دەزانی کە پیاوانی خراپ هەوڵی کردنی دەدەن. خودا پلانی دانا کە پلانە خراپەکانی مرۆڤ بەکار بێنێت بۆ جێ بەجێ کردنی پلانە ڕاستودرووستەکەی خۆی بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران. بۆیە دەخوێنیەوە: (ئەوەی لە ئاسمان دانیشتووە پێدەکەنێت، پەروەردگار گاڵتەیان پێدەکات.) (زەبوورەکان ٢: ٤) بۆیە، یەکەم ناو کە خودا لەم بەشەدا دای بە ڕزگاری دەرەکە مەسیح بوو. ڕەنگە سەرنجت ڕابکێشێ کە بزانی کە ووشەی عیبری مەسیح هەمان ووشەیە لەگەڵ ووشەی یۆنانی کرایست. هەردوو ووشە مانای (ئەو کەسەی خودا هەڵیبژارد).

دووەم ناو (پاشا)یە. مەسیح هەروەها پاشایە. لە ڕێگای ئەو ناوەوە، خودا دەیەوێ هەموو کەس بزانێت کە مەسیح، لە کۆتاییدا، دەبێتە دادوەر و فەرمان ڕەوای جیهان سەرەڕای ئەوەی زۆربەی خەڵك ڕەتی دەکەنەوە. لە ڕۆژی مەزنی دادوەری، هەموو کەس کڕنۆشی بۆ دەبەن لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێتە پاشای پاشایان، و پەروەردگاری پەروەردگاران. لە دەرئەنجامدا، مەسیح یان دەبێتە ڕزگاری دەرت یانیش دەبێتە دادوەرت — لەبەر ئەوەی، بە دڵت بێت یان نا، ئەو ئەو پاشایەیە کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی فەرمان ڕەوایی بکات تاهەتا !

سێیەم، لەم بەشەدا خوێندمان لەناوێکی تر کە خودا دای بە مەسیح. ئەوە ناوێکە دەبێت زۆر بەوریایی سەرنجی بدەین. ئەو ناوەش (کوڕ) ـە. پێش ئەوەی ڕوونی بکەینەوە ئەمە مانای چیە، ڕەنگە پێویست بێت ئەوەمان لە یاد بێت کە هەرچی داود نووسی لە زەبوورەکان، بەو داناییە نووسی کە خودا پێی بەخشی. هەروەها، دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە لە نووسینەکانی پێغەمبەران هەندێ جار شتی وا هەیە کە تێگەیشتنیان زەحمەتە، بەڵام ئەوە واناکات ئەو شتانە ڕاست نەبن! خودا ئاگادارمان دەکاتەوە لە ووشەی و دەفەرموێ: نووسراوە پیرۆزەکان ئەوەی هەندێک شتی تێدایە گرانە بۆ تێگەیشتن، نەزان و نەچەسپاوەکان وەک نووسراوەکانی دیکە دەشێوێنن، بۆ لەناوچوونی خۆیان. (٢ پەترۆس ٣: ١٦) نەزانی شتێکی زۆر خراپە، بە تایبەتی کاتی سەبارەت بە مەسیحە، ئەوەی خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە فەوتانی تاهەتایی! با ئەو بیرەمان لە یاد بێت کاتێ بیر لە سێیەم ناو دەکەینەوە کەوا خودا خۆی ئەو ناوەی بەخشی بە مەسیح.

ئێستاش دەگەڕێینەوە بۆ زەبووری دووەم. لە ئایەتی حەفتەم دەخوێنینەوە کە مەسیح دەفەرموێ، (من فەرمانی پەروەردگارتان پێ ڕادەگەیێنم: پێی وتم: (تۆ کوڕی منی، من ئەمڕۆ بوومە باوکت.) (زەبوورەکان ٢: ٨) گوێت لێیە پەروەردگار چی بە مەسیح فەرموو؟ فەرمووی، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت.) دەزانی بۆچی خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی؟ دەزانی ئەم ناوە مانای چیە؟ هیوادارین هەمووتان بزانن کە ئەو ناوە بە مانای چی نایە. بەو مانایە نایات کە خودا ژنێکی بۆ خۆی گرت بۆئەوەی منداڵی لێی هەبێ! هەرگیز! بیری وا کفر بەرامبەر خودا! خودا ڕۆحە و بەو شێوەیەی مرۆڤـ کوڕی نابێت.

ئەی باشە بۆچی خودا بە مەسیحی فەرموو، (تۆ کوڕی منیت!) ؟ دەکرێ سوپاسی خودا بکەین لەبەر ئەوەی پەروەردگار خودا خۆی پێمان دەفەرموێ بۆچی. پێمان خۆشە سێ هۆتان بدەینێ لە نووسراوەکانی پێغەمبەران بۆچی خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی.

یەکەم، دەبێت بزانی کە خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی لەبەر ئەوەی مەسیح لە ئاسمانەوە هات. هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە نووسراوەکانی پێغەمبەران هەیە دەزانن کە مەسیح لە مرۆڤـ نەهاتووە، بەڵکو لە ئامادەیی خودا. وەك دەزانن، مەسیح باوکی زەمینی نەبوو. سەبارەت بە بوونی لەسەر زەویش، لە نەوەی داود هات، لەبەر ئەوەی مەسیح لە ئافرەتێکی پاکیزیە لەدایك بوو کەوا خزمی داودی پاشا بوو. بەڵام لەلایەن باوکەوە، مەسیح بە تاکی لەلایەن ڕۆحی خوداوە هاتووە. لەبەر ئەوە خودا دەفەرموێ، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت!)

دووەم، خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی لەبەر ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە خودا و مەسیح هەمان خەسڵەتی پیرۆزیان هەیە. کوڕی باوکی خۆیەتی. ئەو ڕزگاری دەرە بەڵێن پێ دراوەکە دەبوایە پاك و بێ گەرد بێت هەروەك خودا پاك و بێ گەرد. ناتوانین زۆر باسی ئەمە بکەین ئێستا، بەڵام کاتێ دێینە لای ئینجیل، دەبینین کە مەسیح وەك نەوەکانی ئادەم نەبوو کەوا لەکەی گوناهیان پێوە بوو! هەر وەك بینیمان، تەنانەت مەزنترین پێغەمبەرانیش گوناهیان ئەنجام داوە. بەڵام مەسیح هەرگیز گوناهی ئەنجام نەداوە. هەمیشە ئیرادەی خودای جێ بەجێ کردووە. دەبوایە مەسیح گوناهبار نەبوایە چونکە ئەو هاتە جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان! ئایا ئەو کەسانەی خۆیان زۆر قەردارن دەتوانن قەردی خەڵکی تر بدەنەوە؟ نەخێر ناتوانن! مەسیح هیچ قەردی گوناهی نەبوو. نووسراوی پیرۆز پێی دەڵێت: پیرۆز و بێ گلەیی و بێ گڵاوی، لە گوناهباران جیاکرایەوە و لە ئاسمان بەرزتر کرا. (عیبرانیەکان ٧: ٢٦) بەڵێ، ڕزگاری دەرەکە پیرۆزبوو، هەروەك ئەو خودایەی ناردی پیرۆز بوو! بۆیە خودا بە شانازیەوە ناوی لێ نای کوڕی خۆی.

سێیەم، پێویستە بزانیت کە خودا ناوی لە مەسیح نا کوڕی خۆی بۆ ئەوەی جیای بکاتەوە لە هەموو پێغەمبەرەکانی تر. تائێستا بینیمان کە ئیبراهیم ناوی لێ نرا (دۆستی خودا). و پێغەمبەر موسا ناوی لێ نرا (پیاوی خودا). دەربارەی داودیش، خودا فەرمووی، (داودی کوڕی یەسام دۆزیەوە، پیاوێکە بەدڵی من) بەڵام خودا سەبارەت بەکام پێغەمبەر فەرموویەتی، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ

بوومە باوکت)؟ ئەوە دەکرێ تەنها بەمەسیح بوترێ، لەبەر ئەوەی مەسیح تاکە کەس بوو کە لە ئاسمانەوە هات، و لە کچێك لەدایك بوو و لکەی گوناهی پێوە نەبوو.

مەسیح دەناسی، ئەو پاشایەی خودا پێی دەڵی کوڕی خۆم؟ خودا دەیەوێ هەموو کەس بیناسێ و گوێی لێ بگرن و باوەڕی پێ بهێنن و قەبوڵی بکەن. لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەر داود ئەم بەشەی کۆتایی پێ هێنا.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەجددی بیر لەوە دەکەنەوە کە پێغەمبەر داود نووسی لە زەبوورەکان کە دەڵێت: (ژیر بن، ئاگاداربن... بە ترسەوە پەروەردگار بپەرستن، بە لەرزەوە دڵخۆشبن. کوڕەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە ببێت و لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن، چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو.) (زەبوورەکان ٢: ١٠-١٢)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ناوی ئەم سیپارەیە دەزانی؟
٢. ئەو ڕێگای بەرەکەت کردنە چییە؟
٣. تێدەگەی لەوەی پەروەردگار خودا ڕایگەیاند لە بەشی دووەمی زەبوورەکان؟ لەو سێ ناوە چییە؟
٤. بۆچی خەڵکی جیهان مەسیح ڕەتی دەکەنەوە مەسیح قەبوڵ بکەن ئەوەی خودا ناردی؟
٥. پەروەردگار چی بە مەسیح فەرموو؟
٦. دەزانی ئەم ناوە مانای چیە؟
٧. بۆچی خودا بە مەسیحی فەرموو، (تۆ کوڕی منیت!) ؟
٨. ئایا ئەو کەسانەی خۆیان زۆر قەرداری دەتوانن قەردی خەڵکی تر بدەنەوە؟
٩. بەڵام خودا سەبارەت بە کام پێغەمبەر فەرموویەتی، (تۆ کوڕی منیت، من ئەمڕۆ بوومە باوکت)؟